# لێکۆڵینەوە ورۆوونکردنەوەی زۆرێک لەبابەتەکانی حەج وعومرە وزیارەت

## بەشی : بەڵگەکانی واجب بوونی حەج وعومرە ودەستپێشخەری وپەلە کردن لە ئەنجامدانیان

# التحقيق والإيضاح لكثير من مسائل الحج والعمرة والزيارة

## فصل : في أدلة الحج والعمرة والمبادرة إلى أدائها

< Kurdish - كردي - كوردی >

سەماحەتی شێخ عبد العزيز بن باز (ڕەحمەتی خوای لێ بێت )

سماحة الشيخ عبد العزيز بن عبد الله بن باز (رحمه الله )

وەرگێڕانی: حاجی ئومێد عومەر چرۆستانی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

ترجمة : أوميد عمر علي الجروستاني

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

# بەڵگەكانی واجب بوونی حەج وعومرە ودەستپێشخەری وپەلە كردن لە ئەنجامدانیان

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان وە درود وصەڵات وسەلام بۆ سەر محمدی كوڕی عەبدوڵا و ئال وبەیت و یار ویاوەر و شوێنكەوتوانی هەتا هەتایە .

**بابەتێك : بەڵگەكانی واجب بوونی حەج وعومرە :**

ئەگەر شارەزای ئەو بەڵگانە بوویت لەسەر ئەوەی كە خوای گەورە حەج وعومرەی فەرز و واجب كردووە لەسەر موسڵمانان، ئەوا خوای گەورە من وئێوەیش موەفق و سەركەوتوو بكات، بزانە كە پەروەردگار حەجیماڵەكەی خۆی واجب كردووە لەسەر بەندەكانی، وە كردویەتی بە یەكێك لە ڕوكن و پایە سەرەكیەكانی ئیسلامیش، ئەوەتانێ خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا لەبارەی فەرز بوونی حەجەوە فەرموویەتی : ﴿ وَلِلَّهِ عَلَى ٱلنَّاسِ حِجُّ ٱلْبَيْتِ مَنِ ٱسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلًاۚ وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَنِيٌّ عَنِ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴾ [ آل عمران : ٩٧ ].

واتا : خودا چوونە حەجی فەرز كردووە لەسەر ئەو كەسانەی توانای ماڵی و لاشەییان هەیەو ترسی ڕێگایان نیە، ئەوەی ڕوو دەكاتە بێ باوەڕی بەوەی حەج بە فەرز نازانێت، ئەوە هەر خۆی زەرەرمەندە، چونكە بەڕاستیی خودا بێباكەو پێویستی بە هیچ كەسێك نیە لەم جیهانەدا.

لە هەردوو صەحیحی بوخاری وموسلیمیشدا هاتووە، عەبدوڵای كوڕی عومەری ( خوایان لێ ڕازی بێت ) ڕیوایەتی كردووە، كە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : { بني الإسلام على خمس : شهادة أن لا إله إلا الله ، وأن محمداً رسول الله، وإقام الصلاة وإيتاء الزكاة، وصوم رمضان، وحج بيت الله الحرام } [1] .

واتا : ئاینی ئیسلام لەسەر پێنج پایە بنیاتنراوە، شاهیدیدان بەوەی هیچ پەرستراوێكی بەهەق نیە جگە لە (الله) وە موحەمەدیش پێغەمبەر و فورستادەی خوایە، وە ئەنجامدانی نوێژ، ودەركردنی زەكاتی ماڵ وسامان، وگرتنی ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان، وحەجی ماڵی خوای گەورە .

(1) بوخاری لە ( كتاب الإيمان، باب بني الاسلام على خمس ) بە فەرموودەی ژمارە (8)، وە موسلیم لە ( كتاب الإيمان، باب بيان أركان الإسلام ودعائمه العظام) بە فەرموودەی ژمارە (16) ڕیوایەتیان كردووە .

سەعیدی كوڕی مەنصور لە سونەنەكەیدا ڕیوایەتی كردووە، لە عومەری كوڕی خەتابەوە ( خوای لێ ڕازی بێت ) لە بارەی ئەو كەسانەی كە دەسەڵاتیان هەیە حەج بكەن ونایكەن، فەرموویەتی :

{ لقد هممت أن أبعث رجالاً إلى هذه الأمصار فينظروا كل من كان له جدة ولم يحج ليضربوا عليهم الجزية، ما هم بمسلمين، ما هم بمسلمين } [1] .

واتا : نزيك بوو، وە نیازی ئەوەم كرد كە كۆمەڵێك پیاو بنێرم بۆ ئەو وولاتانە، وتەماشای هەموو ئەو كەسانە بكەن كە توانا ودەسەڵاتیان هەیە حەج بكەن و نایكەن، جزیە وسەرانەیان لێ بسێنن، چونكە ئەوانە موسڵمان نین، ئەوانە موسڵمان نین .

عەلی كوڕی ئەبو طالبیش ( خوای لێ ڕازی بێت ) لەم بارەیەوە فەرموویەتی : {من قدر على الحج فتركه فلا عليه أن يموت يهودياً أو نصرانياً } [2] .

واتا : هەر كەسێك توانا ودەسەڵاتی ئەوەی هەبێت كە حەج بكات ونەیكات، ئەوە بە جولەكەیی یان بە گاوریی دەمرێت .

### بابەتێك : بەڵگەكانی واجبی پەلەكردن وخێراكردن لە بەجێهێنانی حەج :

ئەو كەسەی كە حەجی لەسەر واجب بووبێت، پێویستە لەسەری پەلە بكات وخێرا بكات بۆ بەجێهێنانی، چونكە عەبدوڵای كوڕی عەباس ( خوایان لێ ڕازی بێت ) ڕیوایەتی كردووە، كە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : { تعجلوا إلى الحج – يعني: الفريضة – فإن أحدكم لا يدري ما يعرض له } [3] .

---

(1) ابن حەجەر لە تلخيص الحبير (223/2) ڕیوایەتی كردووە، چەند ڕێگا وسەنەدێكی صەحیحی هەیە، بەڵام ڕیوایەتەكە ڕیوایەتێكی مەوقوفە، كە سەعیدی كوڕی مەنصور و ئیمامی بەیهەقی لە عومەری كوڕی خەتابەوە (خوای لێ ڕازی بێت) ڕیوایەتیان كردووە، ئەو لەفزەی سەرەوە لەفزی سەعیدی كوڕی مەنصورە، بەڵام لەفزەكەی بەیهەقی بەم شێوەیە (لقد هممت أن أبعث رجالاً إلى هذه الأمصار فينظروا كل من كان له جدة ولم يحج ليضربوا عليهم الجزية، ليمت يهوديا أو نصرانيا ) سێجار ئەم لەفزەی ووتەوە ( ليمت يهوديا أو نصرانيا ) .

(2) تیرمذی لە (كتاب الحج، باب ما جاء في لفظ التغليظ في ترك الحج) بە فەرموودەی ژمارە (812) بە مەرفوعی لە عەلی كوڕی ئەبو طالبەوە ( خوای لێ ڕازی بێت) ڕیوایەتی كردووە، كە فەرموویەتی : " من ملك زاد وراحلة تبلغه إلى بيت الله، ولم تحج فلا عليه أن يموت يهوديا أو نصرانيا ... " بەڵام ئێخ ئەلبانی ئەم ڕیوایەتەی بە لاواز داناوە.

(3) ئیمامی ئەحمەد لە موسنەددا ڕیوایەتی كردووە (313/1) لە موسنەدی عەبدوڵای كوڕی عەباسەوە بە ژمارە (2864).

واتا : پەلە بکەن لە بەجێهێنانی فەریزەی حەج، چونکە هیچ کەسێك لە ئێوە نازانێت تووشی چی دەبێت .

چونکە بەجێهێنانی حەج فەرزێکە هەرکاتێك ئەو کەسەی لەسەری فەرز بووە دەسەڵات وتوانای هەبوو، دەبێت زوو خێرا بەجێی بهێنێت وبەهیچ شێوەیەك دواى نەخات، چونکە ظاهر و ڕواڵەتی ئایەتەکە ئەوە دەگەیەنێت کە نابێت حەج دوابخرێت، وەك فەرموویەتی : ﴿ وَلِلَّهِ عَلَى ٱلنَّاسِ حِجُّ ٱلۡبَيۡتِ مَنِ ٱسۡتَطَاعَ إِلَيۡهِ سَبِيلٗاۚ وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَنِيٌّ عَنِ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴾ [ آل عمران: ٩٧ ].

هەروەها پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لە یەکێك لە ووتارەکانیدا فەرمووی : { أيها الناس، إن الله فرض عليكم الحج فحجوا } [(1)] .

واتا : ئەی خەڵکینە خوای گەورە حەجی ماڵەکەی خۆی لەسەر فەرز کردوون، کەوابێت حەجەکەتان بکەن .

**بابەتێك : بەڵگەکانی واجب بوونی عومرە :**

وە کۆمەڵێك فەرموودەیەش لەبارەی واجب بوونی عومرەوە هاتوون، لەوانەش :

پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لەوەڵامی جوبرەئیلدا کاتێك پرسیاری لێکرد لەبارەی ئیسلامەوە فەرمووی : { الإسلام أن تشهد أن لا إله إلا الله وأن محمداً رسول الله، وتقيم الصلاة، وتؤتي الزكاة، وتحج البيت وتعتمر، وتغتسل من الجنابة، وتتم الوضوء، وتصوم رمضان } [(2)] .

واتا : ئیسلام ئەوەیە : شاهیدی بدەی کە هیچ پەرستراوێکی بەهەق نیە جگە لە (اللە) وە شاهیدیش بدەیت کە موحەمەد ( صلى الله عليه وسلم ) پێغەمبەر و فورستادەی خوایە، وەنوێژەکانت بەجێ بهێنێت، وە زەکاتی ماڵ وسامانت دەربکەیت، وحەج وعومرە بکەیت، وغوسلی

(1) موسلیم لە ( كتاب الحج، باب فرض الحج فى العمر ) بە فەرموودەی ژمارە (1337) لە ئەبو هورەیرەوە ( خوای لێ ڕازی بێت ) ڕیوایەتی کردووە .

(2) ابن خزيمة لە صەحیحەکەیدا ڕیوایەتی کردووە (3/1)، دارە قوطنیش لە (كتاب الحج، باب المواقيت) بە فەرموودەی ژمارە (2664) ڕیوایەتی کردووە، وە بەیهەقی لە (السنن الكبرى) ڕیوایەتی کردووە (570/4)، وە لە ( شعب الإيمان ) یش ڕیوایەتی کردووە (440/5)، لە ( في الاعتقاد ) (206/1)، لە عومەری کوڕی خەتابەوە ( خوای لێ ڕازی بێت ) ڕیوایەتی کردووە .

جەنابەت ولەشگرانی بکەیت، وە دەست نوێژ بەرێك وپێکی بگریت، ورۆژووی مانگی ڕەمەزان بگریت .

وە عائیشەی دایکی باوەڕدارانیش ( خوای لێ ڕازی بێت ) ڕیوایەتی کردووە، کە ووتی : { یا رسول الله هل على النساء من جهاد ؟ قال : عليهن الجهاد لا قتال فيه الحج والعمرة } [1] .

واتا : ئەی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ئایا ئافرەتان جیهادیان لەسەر واجبە ؟ لەوەڵامدا فەرمووی : بەڵێ جیهادێکیان لەسەر واجبە کە کوشتاری تێدا نیە، ئەویش حەج وعومرەیە .

**بابەتێک : عومرە وحەج کردن لە تەمەندا یەکجار واجبە، بەڵام سوننەتە زۆر ئەنجامدانی .**

حەج وعومرەیش لە تەمەندا تەنها یەکجار واجبن، ئەویش بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : { الحج مرة، فمن زاد فهو تطوع } [2] .

واتا : حەجکردن لە تەمەندا یەکجار فەرزە، لەوە زیاتر تەطوع و سوننەتە .

سوننەتیشە کە مرۆڤی موسڵمان حەج وعومرە زۆر بکات، چونکە لەهەردوو صەحیحی بوخاری وموسلیمدا هاتووە، کە ئەبو هورەیرە ( خوای لێ ڕازی بێت ) ڕیوایەتی کردووە، کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: {العمرة إلى العمرة كفارة لما بينهما والحج المبرور ليس له جزاء إلا الجنة} [3] .

واتا : عومرەیەك بۆ عومرەیەکی تر دەبێتە کەفارەت وهۆی سڕینەوەی تاوانی نێوان ئەو دوو عومرەیە، حەجێکی مەبرور و پاکوخاوێنیش پاداشتەکەی تەنها بەهەشتە .

خوای گەورە ومیهرەبان حەجی حاجیانمان قبوڵ بکات و بە حەجێکی مەبرور وەری بگرێت لێیان

(1) ئیمامی ئەحمەد لە موسنەددا ڕیوایەتی کردووە (165/6)، وە ابن ماجة لە (كتاب المناسك، باب الحج جهاد النساء) بە فەرموودەی ژمارە (2901) ڕیوایەتی کردووە .
(2) ئیمامی ئەحمەد لە موسنەددا ڕیوایەتی کردووە (255/6، 290)، لە موسندەی بەنی هاشم، لەسەرەتای موسنەدی عبداللەی کوڕی عەباس بە فەرموودەی ژمارە (2637)، وە أبو داود لە ( كتاب المناسك، باب فرض الحج) بەفەرموودەی ژمارە (1721) ڕیوایەتی کردووە، وەدارەمی لە (كتاب المناسك، باب كيف وجوب الحج) بە فەرمودەی ژمارە (1788) ڕیوایەتی کردووە لە عبداللەی کوڕی عەباسەوە .
(3) بوخاری لە ( كتاب الحج، باب وجوب الحج والعمرة وفضلها ) بە فەرموودەی ژمارە (1773)، وە موسلیم لە ( كتاب الحج، باب في فضل الحج والعمرة ويوم عرفة) بە فەرموودەی ژمارە (1349) ڕیوایەتیان کردووە .

وصلى الله وسلم على سيدنا محمد وعلى اله وصحبه وسلم .